# Referendum Movement in Kurdistan

<u>کۆمیتەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان ــ دەرەوەی وولات</u>

**بەیاننامەی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم دەربارەی دەستور**

**پاش رووخاندنی رژێمی سەدام و بووژانەوەی هیوا بۆ تۆمارکردنی مێژوویەکی هاوچەرخی نویٚ بۆ عێراق و گەلەکانی ، گەلی کورد بەهیوایەکی زۆرەوە ڕوانییە پاشە رۆژێکی گەش بۆ کوردستان وگەشبینیەک ڕوی کردە خەونە دێرینەکانی لە هێنانەدی کوردستانێکی سەربەخۆ وخوازیار بوو گوناهی 80 ساڵی بەستنەوەی بە عێراقەوە بسرێتەوە ، کاتێک بەزۆرەملیٚ خرایە ناو نەخشەیەکی نەویست کە هیچ کاتێک ئەو گەلە پێی قایل نەبووە و هەر بۆیەش بۆتە مایەی وێرانی کوردستان و قەیرانێکی بەردەوامی هێنایە کایە لە عێراق و ناوچەکەدا .**

**میللەتی کورد خەبات و قوربانی زۆری داوە لە پێناوی هێنانە دی کەمترین ئاستی مافە رەواکانی نەتەوایەتی ، ئەمرۆش پاش ئەو گۆرانکاریە زۆرەی بەسەر جیهان و ناوچەکەدا هاتووە و تیایدا کێشەی زۆربەی نەتەوەکانی چیهان چارەسەر کراوە ، گەلی کوردیش لە عێراقدا ئاواتەخوازبوو کۆتایی بە کێشە نەتەوایەتیەکەی بهاتایە ، چاوەڕوان بوو لە هێزە سیاسیە نوێکانی گۆڕەپانی عێراق و دەوڵەتە دەسەڵاتدارە کاریگەرەکان و ( بەتایبەتی ئەوانەی دەستیان هەبوو لەو گوناهە مێژووییە گەورەیەی دەرهەق بە کورد کرا لەسەرەتای سەدەی رابردوو ) کە ئەو گوناهە بسرنەوە و ماڵ بگەرێننەوە بۆخاوەن ماڵ و بەپێی یاسا و پەیمانە نێو دەوڵەتییەکان مافی دیاریکردنی چارەنووس بدریٚ بەم گەلە ، بەڵام وا کەڕەتێکی تر گوناهی مێژوو دووبارە بووەوە لە ئاست ئەم میللەتە وەک ئەوەی ئەم میللەتە لە ئەستێرەیەکی تردا بژی و بەدەر بێت لە مافە مرۆیەکان و یاسا نێودەوڵەتیەکانی ئەم سەر زەمینە .**

**لەم رۆژانەدا ڕەشنووسی دەستوری نوێی عێراق دەرچووە و گفتووگۆکەرانی کوردی پێی قایل بوون ، ئەو دەستورە سەر لە نویٚ کوردستان بە عێراق دەبەستێتەوە و تروسکاییەک روناکی تیادا بەدی ناکرێت بۆ پاشە رۆژیٚ سەربەخۆیی کوردستان ، بەڵکو دووپاتکردنەوەی بەفەرمی گرێدانی و بەستنەوەی بە نەخشەی عێراق لە ژێر سێبەری هەندیٚ دەستکەوتی نا بنەرەتی .**

**بزووتنەوەی ڕیفراندۆم وەک دەربڕی دەنگی سەربەخۆخوازانی کوردستان و نوێنەری 1750000 ئیمزا و دەنگی 98% گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی ، چەند یاداشت و چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان و ئیدارەکانی بە ئاکام گەیاندووە و چەختی لەسەر دوو خاڵی سەرەکی کردووە لە پاڵ خاڵە گرنگەکانی تردا :**

**1 . جێگیرکردنی بەندێک لەدەستوری عێراق بۆ دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسینی خۆی لە رێگای ڕیفراندۆمێکی راستەو خۆوە ( بە بیٚ خۆ بەستنەوە بە مەرجی بەدیهێنانی فیدرالییەت ) .**

**2 . دیاری کردنی سنووری کوردستان و گەراندنەوەی ناوچە داگیرکراوەکان بۆ باوەشی نیشتمان .**

لەدەستوری نوێی عێراقدا ئاماژە بە خاڵی یەکەم نەدراوە بەڵکو کوردستان کەرەتێکی تر لکێنراوەتەوە بە عێراق و فیدرالیەتێکی ئیداری سنوورداری پێ بەخشراوە.
خاڵی دووەم تەنها ئاماژە بە جێبەجێکردنی مادەی 58 ی یاسای کاتی عێراق دەدات و هیچ زامنێک نییە بۆ دیاری کردنی سنووری نەخشەی کوردستان ، ئەمە جگە لەوەی کە کوردستان بە کەلتوور و سیما تایبەتیەکەی خۆیەوە دەبەستێتەوە بە دەستورێک کە لە زۆر برگەدا نزیکە لە یاساکانی سەدەکانی ناوەراست و کۆنتریش .
بزووتنەوەی ڕیفراندۆم ( دەرەوەی وولآت ) ئەو دەستورە رەتدەکاتەوە و پەسەندی ناکات ، لەبەر ئەوەی دەستورێکە دوورە لەو داخوازی و ئامانجانەی خەباتی بۆ کردووە ، دوورە لە ئاستی داخوازی %98ی دەنگدەرانی گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی و هیچ زامنێکی یاسایی تیا بەدی ناکرێت بۆ ئایندەی ئاسایشی نەتەوەی کورد و ناگاتە ئاستی قوربانییەکانی 182000 ئەنفال و 5000 شەهیدی هەڵەبجە و 8000 بارزانی و وێرانکردنی 5000 گوند و شار و شارۆچکە وئەو قوربانیانەی بەخشیویەتی بە درێژایی مێژووی خەباتی .
ئێمە وەک بزووتنەوەی ڕیفراندۆم هەڵگرانی ئاڵای سەربەخۆیی کوردستانی ئازاد ، ئەم دەستورە بە دەستورێکی عێراقی دەخوێنینەوە و لە خزمەتی عێراقدایە وهیچ هەنگاوێکی پراکتیزی تیادا بەدی ناکەین بۆ دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد و هێنانەکایەی کوردستانی سەربەخۆ ، هەر لەبەر ئەوەش دەنگی بۆ نادەین وخوازیارین جەماوەری کوردستانیش هەڵوێستی خۆیان لەو رووەوە دەربرن .

بزووتنەوەمان ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە هەمیشە و لە هەموو بوارێکدا فاکتەرێکی پۆزەتیف دەبێت بۆسەقامگیرکردنی گیانی تەبایی و ئاشتی و چەسپاندنی بیروباوەرە دیموکراسییە هاوچەرخەکان لە کوردستاندا و بەردەوام دەبێت لە خەباتی درێژ خایانی پشت بەستوو بە ڕەوایی داخوازیەکانی گەلی کوردی بەش خوراو ، چەکی دەستیشمان مافە مرۆییەکان و یاسا نێو دەوڵەتیەکانە بۆ دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسینی گەلانە لە ڕێگای ڕیفراندۆمی راستەو خۆوە .

دەست لەناو دەست بەرەو بەدیهێنانی کوردستانی سەربەخۆ .

نەمری بۆ شەهیدانی ڕێگای رزگاری کوردستان

بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان _ دەرەوەی وولآت

**2. 9. 2005**